
# مۆدەی پاییزی جلوبەرگی خانمان

خانمـــان و کچان هەردەم دەبێ بە شـــێوازێکی پایەبـــەرز و نموونەیەکی زیندوو لە مۆدە و ســـتایلەکان ئامـــادەکاری خۆیـــان بنوێنن و شـــێوازێکی تایبەتمەند لە مۆدەکان بەدی بکەن، لە رێگەیەکی ســـادە و ساکارەوە کە پێویستی بە چەند هەنگاوێکی ئامادەکارییە و رێژەیەکی بەرچاو لە ئاستەکانی جوانی دەنوێنن، لە رێگەی جلوبەرگەوە بەرەو پێشـــچوونی مۆدە شـــرۆڤەیەکی کاریگەرە لە جوانی شـــێوازەکاندا، چونکە هەر جلوبەرگ و ســـتایلێك بە وێنەی هزری خۆی یان بە شـــێوازی کارامەیی دەکەوێتە بەر کاریگەرییەکانی جوانی جەستە و لایەنەکانی جلوبەرگەکە، ئەو کاتە دوو جوانی نیشان دەدات یەکێکیان لەســـەر جەســـتەدا دەبینرێ و ئەوەی دیکەش بەرەو سەرنجڕاکێشـــی لە جلەکەدا دەبینرێ، لەم رێگەیەدا و لەگەڵ وەرزی تـــازەی پاییز، مۆدەکان ئامادەکاریی تەواوی بۆ کراوە و هەر شـــێوازێك گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە بۆ بەدەرخســـتنی نشـــونمایەکی کراوە و رازاوە بۆ جلەکان، ســـەرەتای پاییز لەگەڵ کۆتاپی پاییز جیاوازییەك لە مۆدەکانیان دەبینرێن کە لەســـەرەتادا لێکچوونێکی هەیە لەگەڵ جلوبەرگی وەرزی هاوین و لە کۆتاییشدا بەرەو شـــێوازی جلی زستانە دەبێ، بەڵام لە هەردوو ماوەدا شێوازەکانی جلی پاییز بۆ خانمان روون و ئاشکرایە و تەنیا رەگەزی رەنگەکان نەبـــێ، کە ئەوانـــەش چەند رەنگێکە و لەگـــەڵ وەرزی پاییز دەگونجێن ئەو رەنگانەش : نیللی و زەرد و وەنەوشەیی و سیلڤەر و قاوەیی.









## ستایلە جیاوازەکانی پشتێنی مۆدێرن

هەر ئێکسسوارێك جێگە و پێگەیەکی خۆی لە بواری جوانکاریدا هەیە، بەمـــەش هەر هەنگاوێك دەبێتە رێگەیەکی ســـەرکەوتوو بۆ بەدیهێنانی جوانییەکی ئاراســـتەکراو و شایســـتە لـــە مۆدەکانی ئێکسسواردا، بە تایبەت ئەوانەی جێگەیان بەرچاوە و بە شێوەیەکی روون دیـــار دەبـــن. بەهای هەر ئێکســـسوارێك دەبێ لە پێشـــوودا هەڵبژێردراو بێ، تەنانەت ئەگەر ئەو ئێکسسوارانە بەرچاویش نەبن، یەکێك لەو ئێکسسوارە پایەبەرزەی لە جوانیدا شێوەیەکی گەورە نیشان دەدات و لەگـــەڵ ئەوەش شـــێوەیەکی بچووکی هەیە لە قەبارە، ئەو ئێکسسوارەش بریتییە لە (پشتێن)ی سەر جلوبەرگ، پشتێن لەگەڵ ئەوەی سوودی توند کردن و بەستانەوەی جلوبەرگی هەیە، هەروەها لە جوانیشـــدا کاری خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێ، ئەوەی لە پشتێندا بەدی دەکرێ، لەگەڵ شـــێوازی جەستەدا خۆی دەگونجێنێت و بە ســـادەیی و کارامەیی دەردەکەوێ، لە کاتێکدا لەسەرەوەی جلەکاندا دەبەسترێ، بۆیە شێوازێکی سەرنجڕاکێش و جوانی دەبێ، مەرج نییە لـــە چ جۆرە رەنگێك بێ، بەڵکو ئەوە گرنگە لەگەڵ رەنگی جلەکان گونجاو و شایستە بێت.

## کراس و جلی بووک بۆ وەرزی پاییز

بەرەو وەرزی پاییز بەرێکەوتین، کە بەوەرزی مۆدە وفاشیۆن دەناسرێ، لەو وەرزەدا شێوازی مۆدەکان بەرەوگۆڕانکارییەکی لە ستایل و شێوازەکان دەچین، تەنانەت گشت لایەنەکانی مۆدە و جلوبەرگ دەگرێتەوە و لە بڕی هەمووان جلی بووك و کراســـی بووکە. ئەو کراســـەی هێمای خۆشـــی و بەختەوەری و جوانییەکی رەها بە خانمانی بووك دەبەخشێ و وەك شـــازادییەك دەریان دەخات، جگە لەوەش پاشـــخانی رەواڵەتێکی جوانی رەها دەنوێنێ و لەگەڵ ســـتایلە تازەکاندا شـــێوازەکانیش بەرەو تازەگەری دەچن، لە وەرزی پاییزدا شێوازی جلوبەرگ مۆدەیەکی نێوەند وەردەگرێ لە نێوان جلەکانی وەرزی هاوین و زســـتاندا، لەگەڵ ئەوەشـــدا ستایلە جیهانییەکان نشونمایەکی جێگیر بە مۆدەکان دەبەخشن، جلی بووکیش بۆ خانمان لە هەر کات و وەرزێك پێویســـتە، لە تازەترین کۆمەڵە مۆدەکانی جلی بووك بۆ وەرزی پاییز، بە گشـــت ســـتایلەکانەوە نەخشێراوە و هەر یەکە شێوازێکی بەرچاوی لە خۆ گرتووە لەوانە : جلی بووکی پەڕپەڕ لە خوارەوە و سادە و بە مۆدەی تارای سەر و سینگ کراوە و شان پۆشی سەر شانەکان، هەر یەکە لەو مۆدانە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو خانمەیە کە دەبێتە بووك و یەکێك لەو ستایلانە هەڵدەبژێرێ بۆ رۆژی خۆشی و زەماوەند.

# پشت چاوی رەش و بە بریقە



دانانی ماکیاژی چاوەکان هەنگاوێکی گرنگە بۆ دیاری کردنی شێوازی ماکیاژێکی شیاو بۆ رووخسار، چونکە جوانی و ماکیاژی چاو، بەشێکی گرنگە بۆ جوانی رووخسار، تەنانەت بە دانانی ئەو هەنگاوە بۆ ماکیاژی چاو لە رێگەی ماکیاژی چاو نیوەی ماکیاژی رووخسار ئامادە دەبێ و بە شێوازێکی رازاوەش کاریگەری خۆی دەنوێنێ لەسەر جوانی رووخسارەوە، رەش کردنی پشت چاوەکان شێوازێکی نایابە لە جوانکردنی ماکیاژی چاو، ئەگەر چی چەندین رەنگی دیکەش هەن بۆ رەنگ کردنی پشت چاوەکان، بەڵام ئەوەی زیاتر گونجاو و رازاوە دەبێ بۆ ماکیاژێکی سەرنجڕاکێش بۆ چاو دوو شێوازی ستاندارد و دیارە، شێوازی یەکەم رەش کردنی پشت چاوە بەبێ بە بریقەکردن، کە ئەوەش بە رێگەی رەشی چاو یان بۆیەی رەش و بە فڵچەی ماکیاژ و بە رەنگێکی رەشی نەرم پشت چاوەکان ماکیاژ دەکرێن، یان دەتوانین شێوازی دووەم کە ئەویش هەمان ماکیاژی پشت چاوی رەشە، بەڵام دەتوانین بریقەدانی بۆ زیاد بکەین، یان رازاوەکردنی بە هەندێك ئێکسسواری سیمی بچووکی تەرخان کراو بۆ پشت چاو، ئەوەش نموونەیەکی پایەبەرز دەبێ بۆ ماکیاژی چاو، لە کاتێکدا شێوازەکانی دیکە لە ژێرەوەی ئەو ستایلەی پشت چاوەکانن.





## مڕەبای هەنجیر

مڕەبا یەکێکە لە خواردن و شیرنەمەنیە خۆشانەی کە بەهایەکی پڕ خۆراك و شیرینییەکی خۆش و سووکە بۆ خواردن، کە زیاتر لە وەرزی هاوین لەو کاتەی میوەکان دەردەکەون، مڕەبا خواردنێکی شیرینە و بە سوودە بۆ لەش، زیاتر بەیانیان دەخوردرێت و تامێکی شیرین و خۆشی هەیە، مڕەبا لە چەندین میوەوە دروست دەکرێن وەك: هەنجیر –گێزەر-پورتەقال-لیمۆ-فراولە-سێو ..خورما، بەڵام زیاترین و باوترینیان لە هەنجیرە. شێوەی دروست کردنی مڕەبا بەو شێوەیە ئەگەر لە هەنجیر بێ، سەرەتا هەنجیر دەهێنرێ، لەگەڵ شەکر و ئاو، ئەمەش بە دوو ڕێگە دەکرێ: یەکەمیان، شەکر و ئاوەکە دەهێنین دەیخەنە سەر ئاگر بۆ ماوەی (١٠) خولەك، تاوەکو تەواو تێکەڵ دەبێ، پاشان هەنجیرەکە دەخرێتە سەر ئەو ئاو و شەکرەوە، تاوەکو بە جوانی تێکەڵ دەبێ، ئەمەش پێویستی بە (٢٠) خولەك کوڵاندنە، لە ناو کوردان زیاتر هێل دەخرێتە ناو مڕەبا، بەڵام هەیە بە سادەیی تەنیا لە هەنجیر و شەکرەوە دروستی دەکات، ڕێگەی دووەمی کاتێك هەنجیر دەخرێتە سەر ئاگرەوە، ئەمەش لەناو هەندێك ئاو دەکرێ، تاوەکوهەنجیرەکە جوان نەرم دەبێتەوە، دواتر شەکر و ئاوی لەسەر دەکرێ، ئەمەش بۆ ماوەی (٣٠) خولەك لەسەر دەبێ، دەکرێ دوای ئەوەی ئاوی لیمۆ بخرێتە سەری، کە دوو سوودی هەیە، یەکێك بۆ توند بوونی مڕەبایەکەوە دەبێ، سوودی دووەمیشی بۆ خۆش بوونی تامەکەیەتی.



## هەوجاری کێڵان لە ژیانی کوردەواریدا


ژیانی کوردەواری ئەگەر چی پڕ لە ماندووبوون و شەکەتی بووە، کەچی ژیانێکی پڕ تەندرووست و خۆشی و بەختەوەری لە دڵ و هەستی خەڵکدا هەبووە، شەو و ڕۆژ باوك و باپیران و دایە و کچان و گەنجان، بە گڕوتینەوە کاری ڕۆژانەی خۆیان دەکرد و بەبێ ئەوەی هەست بە مەینەتیەکانی ژیان بکەن کە چەندە قورس بووە بۆیان، تەنانەت لە کارەکانی دەستی و جەستەییشدا بە هێز و توانایەکی بەرزەوە کاریان کردووە، لەم وێنەیەدا مامە پیرەیەك لە شوێنێکی دۆڵدا کاری کێڵان دەکات و کە لە سەردەمی خۆیدا ئەو کەرەستەیە بەکاردەهێنرا بۆ کێڵان و دەوردانەوەی زەوی تاوەکو ئامادەبێ بۆ جووتکردن و پێداکردنی دانەوێڵە، ئەو ئامێرە پێدەگوترێ (هەوجاڕ)، کە بریتییە لە دار دروست دەکرێ و لە (٥) بەش پێکدێ و ئەوەی بە دەست دەگیرێ و پێدەڵێن (دەستەدوو)، ئەوەی ژێرەوەش پێدەگوترێ (قونکی هەوجاڕ) کە بەشەکان لەیەکتر دەبەسترێتەوە و ئەوەی لە نێوان جوتیار و ئاژەڵدا هەیە پێدەگوترێ (مژان) و لە خوارەوەش لە پۆڵا دروست دەکرێ و لەلایەن وەستای خۆماڵی وئاسنگەر، پێدەگوترێ (گاسن)ی هەوجاڕ کە کاری کێڵاندنی زەوییە، ئەوەی دەکەوێتە سەر ملی ئاژەڵ پێدەگوترێ (نیلە و کۆپەڵان)، نیلەکە دارەکەیە و کۆپەڵانیش لە قایش و پەڕۆ دروست دەکرێ و لە ملی ئاژەڵ دەخرێ و تاوەکو ملی ئەزیەت نەدا، هەوجاڕ لە پێشوودا بەکاردەهێنرا، و تەنانەت ئێستاش لە هەندێك شوێن و ناوچە بەکاردەهێنرێ کە ئامێرەکانی کێڵان ناگاتە ئەو شوێنانە.



## شاجوان و زۆرانبازی لەشجوان

کچانی وڵاتی رووسیا بە شۆخ و شەنگی و جوانی و باڵا بەرزی ناسراون، تەنانەت جوانی کچانی ئەو وڵاتە لە گشت وڵاتانی جیهان جیاوازترە، یەکێك لەو کچە جوان و ناسکانەی ئەو وڵاتە ناوی (جولیا فینز)ە و تەمەنی (١٧) ساڵە، ئەگەر تەماشای رووخساری بکەیت وەك بووکە شووشەیەك وایە لە جوانی و ناسکی، بەڵام ئەگەر لە جەستەی بڕوانی، بە یەکێك لە ئەندامانی زۆرانبازی جیهانی دێتە بەرچاو، جەستەی ئەو کچە رووسیە لە منداڵیەوە بە ماسولکەی بەهێز و جەستەیەکی توند بووە و تاوەکو ئێستاش جەستەی بەهێزە و لە جەستەی پیاو دەچێ، کێشی (جولیا) تەنیا (٦٠) کیلۆگرام دەبێ، بەڵام بەهۆی یاریکردنی ڕاهێنانی ئاسنی جەستەی زیاتر کراوەتر و بەهێزتر و جوانتر بووە، وەك ئەوەی یاریزانی لەشجوانی بێت وجگە لەوەی لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی جەماوەرێکی بەرچاوی هەیە و ڕۆژانە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەن.

# نەشیاوترین جلوبەرگ!




جلوبەرگ ئەگەر چی گوزارشـــت لە کەسایەتی یان سرووشتی ئەو کەســـە ناکات، بەڵام ڕەوشتێکی پێدەبەخشێ کاتێك هەر کەسێك جۆرە جلێك دەپۆشـــێ، ئەوەش مانای ئـــەوە نییە کە جلوبەرگ بە ڕەوشـــتەوە بەســـتراوەتەوە، تەنانەت لەبەرچاوی خەڵك بە جۆرێکی دیکە سەیر دەکرێ، هونەرمەند و ئەکتەر و گۆرانیبێژەکانی جیهان، بەهۆی ئەوەی چاوێکی زۆریان لەسەرە، بۆیە هەردەم لە ژێر چاو و چاودێریی خەڵکن، بۆیەش نەشیاوترین جلوبەرگی ئەو کەسانە دیار دەبێ و کە ئەوانیش بریتین لە: لەیدی گاگا، کە بە جلی گۆشتەوە بەشـــداری لە ئاهەنگی وەرگرتنی میوزیك تی ڤی، دواتریش کچە ئەکتەر نیکی میناج بە ڕەنگە سەیرەکانەوە دەرکەوتووە، لە دواتریش کچە گۆرانیبێژ (ماســـی گرای) ئەویش بە جلەکەیەوە ریکلام بۆ ئەلبوومەکەی دەکات، بۆیەش بە ناشیاو و ناشایستەترین جلوبەرگ دانراون.

# یەکەمین دەرکەوتنی جلی کورت

ئەمـــە وێنەیەکی کۆن و ســـەیرە، کە بە وێنەی ڕەش و ســـپی گیراوە و مێـــژووی دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵی (١٩٣٧)، جگە لـــەوەی وێنەیەکی کۆنـــە، بەڵام باس لە ســـەرهەڵدانی تازەی جلوبەرگی کـــورت و رووتە، لە ساڵی (١٩٣٧) کچان و خانمانی وڵاتانی ئەورپا گرنگییەکی تەواویان بە جلوبەرگ دا و تەنانەت مۆدەی تـــازە لە جلی کـــورت و رووت دیار کەوتن، بە تایبەت وڵاتی (پۆلۆنیا) کـــە یەکەمین وڵات بووە بۆ گرنگی پێدان بە بواری مۆدە و جلی کورت، ئەمـــەش جگە لـــەوەی جلوبەرگی سرووشـــتی وڵاتانـــی ئەورووپـــا بۆ ســـەردەمی یۆنـــان و ڕۆمانـــەکان دەگەڕێتـــەوە، لەو ســـاڵەدا کە دوو کچی زۆر جوان و شۆخی ئەو وڵاتە بـــە جلی مۆدە و کـــورت هاتنە ناو خەڵك، ئەو ڕۆژە لـــەو وڵاتە خەڵێك بە تەماشـــاکردنێکی سەرسوڕمانەوە ســـەیری ئەو دوو کچەیـــان دەکرد و تەنانـــەت دەگێڕنـــەوە و دەڵێن کە ڕووداری هاتوچۆش دروســـت ببوو لەوەی شۆفێرەکانیش بەهۆی خەریك بوونیان بـــە ســـەیرکردنی ئەو دوو کچە و کۆنترۆڵیان لە دەســـت داوە و ڕووداویان کردووە.



# تۆم و جێری
# خۆشترین کارتۆن




یەکێکە لە خۆشـــترین و پڕ بینەرترین فیلمە کارتۆنییەکان و جگە لەوەی منداڵان سەیری دەکەن، تەنانەت گەورەکانیش زۆر جار سەیری دەکەن، چونکە نمایشێکی خۆش و پڕ جۆشی نێوان کێبڕکێی مشك و پشیلەیە، سەرەتای بیرۆکەی دەرکەوتنی ئەو فیلمە کارتۆنییە بۆ ساڵی (١٩٣٨) دەگەڕێتەوە کە دوو هاوڕێ زۆربەی کاتەکانیان بەیەکەوە بە خۆشـــی و گاڵتە بەسەربردووە، ئەوەی یەکەم کە ڕۆڵی پشـــیلەی بینیوە نـــاوی (ولیام هانا) و ئـــەوەی دیکەش (جۆزیف باربارا)یە کە ڕۆڵی مشـــکەکەی وەرگرتووە، دوای دوو ســـاڵ لە کارکردن و بیرۆکە دانان لەوەی فیلمێکی دوو کەســـە دەربکەن، بەڵام حەزیان نەدەکرد شـــێوەی خۆیان نیشان بدەن کە لە فیلمەکانیان گاڵتە بە یەك بکەن، بۆیە شـــێوازەکەیان گۆڕی بۆ فیلمی کارتۆنـــی تۆم و جێری، واتە پیشلە و مشك، تاوەکو ئەمڕۆش جگە لە شێوەی ئۆرجیناڵەکەی کەچی شێوازی دیکەش لەســـەر ئەو فیلمە کارتۆنییە بەرهەم دەهێنرێ.



## یادگارییەک لەگەڵ دووگیانەکان

هەست و سۆزی گشت کەسێك بە ڕێگەیەکی جوان دەردەچێ بۆ ئافرەتانی دووگیان، ئەمەش وەك ڕێزگرتن و پێشوازییەك لە کەسێك وەك ئەو ئافرەتەی کە گیانێکی دیکەی لەناو جەستەیدا هەیە، ڕەنگە ئەو کەسەی لەناو سگی ئەو ئافرەتەدایە، ببێتە کەسێکی گەورە و مەزن لە داهاتوودا، وەك ئەوەی ببێتە بەرپرس یان پزیشك یان کەسێکی بە توانا و لێهاتوو، جگە لەوەش ئەو هەست و سۆزەی بۆ ئافرەتانی دوو گیان، وەك پاداشتێکە بۆ ئەو خاتوونەی بۆ ماوەی چەندین مانگ بە دەست ئازار و ئێشەوە پارێزگاری لە کۆرپەکەی دەکات و دواتریش دەیکات بە مرۆڤێك، ئەو وێنەیەش وەك ریزگرتنێکە لە ئافرەتانی دووگیان.

## وتەی ناوداران



**- ڕۆژماری ئورکویکۆ دەربارەی هەڵبژاردنی کچێکی باش دەڵێ :**
گەر ژیانێکت دەوێ بەدەر لەم ژیانە، کچێك بێنە کە بخوێنێتەوە، گەر لەوەش باشترت دەوێ کچێك بهێنە کە بنووسێ.»

## زاخـــاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (مورتکە) بوو**




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٤+٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی جەستەی مرۆڤە و لە سەر چۆك)
- پیتی خانەکانی (١+٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (٤ بە شێوەزاری هەولێری)
- پیتی خانەکانی (١+٤)کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنەوەیەکە زیاتر لە دوای نان خواردن دەخورێتەوە)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
ئامۆژگاری ئەوانەی لەبورجی کاوڕن کەڵکی هەیە بۆت تارادەیەکی باش دڵخۆش دەبیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت سێ شەممەیە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
لەئێمرۆوە لەبواری کارەوە پێشبینی هەندێك گۆڕانکاری بکە، لەلایەنی سۆزداریشەوە پێشکەوتنی باش بەدی دەکرێت و تا ڕادەیەکی باش دڵخۆش دەبیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
بەهۆی کاریگەریی ئەستێرەکانەوە کەمێك دوو دڵی و دڵەڕاوکێ باڵ بەسەرتدا دەکێشێ، بۆیە کەمێك ئارام بەو بەهیچ شێوەیەك سەرەڕۆیی نەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت یەك شەممەیە.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
لەوانەیە ئەمرۆ نەگەیتە هیچ چارەسەریەك بۆ گیروگرفتەکەت، بەڵام گوێگرتن لەئامۆژگاری ئەوانەی لەبورجی تەرازوون کەڵکی هەیە بۆت و قازانج دەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
وا باشترە ئەمرۆ بیر لەجێبەجێکردنی پرۆژەکان نەکەیتەوە، بەڵکو لەبری ئەمە هەوڵی پەیوەندیکردن لەگەڵ دۆستەکەت بدەو مێشکی خۆت کەمێك ساف بکە، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی سێشەممەیە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
ڕەنگە ئەمرۆ هەندێك کێشەو ئاژاوە بەرەو ڕووت ببێتەوە. بۆیە پێویستە خۆڕاگر بیت و خۆشت لەگرفت و کێشەی خەڵکانی دیکە هەڵنەقولتێنی، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت چوارشەمەیە.

## وتــە

**- زۆر سەیرە بۆچی لە دەوری گۆڕستانەکان دیوار بکێشین؟ ئەوانەی لە وێدان خۆ ناتوانن بێنەوە دەرەوە، ئەوانەشی لە دەرەوەن پێیان خۆش نییە بچنە گۆڕستانەکان.**

# تەکنەلۆژیا لە داهێنانە !




یەکێك لە لایەنە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا، گرنگیدانە بە شێوەی ئامێرەکان، ئینجا بە هەر شێوەیەك بێ لەگەڵ هەر مۆدەیەك جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوەی پێشووی خۆیدا دروست دەکەن، وەك ئەوەی تازەگەرییەکی تیایدا کرابێ، ئەوەش بۆ مەبەستی بازرگانی و جوان کردنی کاڵایەکە لەبەردەم چاوی خەڵك، یەکێك لە پێشبینییە خەیاڵییەکان دەربارەی ئامێری مۆبایلی ئایفۆن یان هەر ئامێرێك لە گەورە کردن و درێژکردنەوەی شێوەی ڕەنگە لە داهاتوو بەم شێوەیە بگات کە لە وێنەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

## کاریکـــــاتێر

- لە وێنەی ئەو کەڵەشێرە هەڵەیەك هەیە و بیدۆزەرەوە.



## وێنە و بیر کردنەوە

- لەم وێنەی داشبۆردی ئۆتۆمبێلە هەڵەیەك هەیە!




## نوکتە

جارێکیـــان لـــە دارستـــان بە نۆرە هەر یەکە دەبێ بچـــێ خواردن بهێنێ، ڕۆژێکیان نۆرەی کیســـەڵ دێ و دوای ئەوەی کیســـەڵ لـــە ژوورەکە دەڕوات و زۆری پێدەچێ، هەموویان تورە دەبن لە برسان و شێر دەڵێ با کیسەڵ بگەڕێتەوە بزانە چی پێ دەکەم، لەو کاتە کیسەڵەکە سەری کرد بە ژوورەکە و گوتی : ئەگەر تورەم بکەن هەر ناچم !

پیاوێك بە ژنەکەی گوت: هەستت چۆنـــە تۆ دۆڵمە ئامادە دەکەی بە (٢) ســـەعات دەپێچیتەوە و خـــۆت ماندوو دەکەی و منیش بە (٥) خولەك دەیخۆم و تەواوی دەکەم ! ژنەکەش دەڵێ: هەمان ئەو هەستەم هەیە کە تۆش یەك مانگ لە دەوام و ئیش دەکەی و سەری مانگ مووچەکەت دەدەیتە من و منیش بە یەك جەولەی بازاڕ بۆت تەواو دەکەم !

## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی گۆڤارێکی کوردی کۆنت بۆ دەردەچێت :

ا ا ن و ك ر

وەڵامی ژمارەی پێشوو : (پەرواز)

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



لەوانەیە ئەمڕۆ کارێکی چـاك بـکـەیـت و تێیدا سەرکەوتووبیت، یان گوێبیستی هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەبیت و ڕەنگە دەستکەوتێکی ماددی باشیشت بەدەست بگات، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت پێنج شەممەیە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



ئەمڕۆ ئـاگـاداری خۆت بەو لەڕووبەڕووبوونەوە خۆت بە دوور بگرە، ڕەنگە لەبواری سۆزدارییەوە بەخۆتدا بچیتەوە چەند بڕیارێکی گرنگ لەم بـوارەدا بدەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت سێشەممەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ئەمڕۆ کەمێك وەڕس دەبیت، لەوانەیە لەبەڵێنێکیشت پەشیمان بیتەوە کەبەخۆشەویستەکەت داوە، بۆیە هەست بەئارامی و دەروون و ویژدانیت ناکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی شەممەیە.

### گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩



ئـەمـڕۆ لـەبـواری ئـیـش و کـاردا بەخت یـاوەرتە، هەروەها پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت و هاوڕێکانت زۆر باش دەبێت و هەست بەخۆشی و شادی دەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی هەینییە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



ئەمڕۆ زۆر ئاگاداری خۆتبەو کۆنترۆڵی باری دەروونیشت بـەشـێـوەیـەکـی بـاش بکە، هەروەها بەدیپلۆماسیانە مامەڵە لەگەڵ دەوروبـەرەکـەت بکە، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی شەممەیە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



ئـەمـڕۆ ئەستێرەکان هـاوکـاریـت دەکـەن و بارودۆخی ژیانت ئارام دەبێتەوە، هەروەها کاروبارەکانت بەڕێکی بەڕێوە دەچن، لەوانەیە مژدەیەکی خۆشت پێ بگات، خۆشترین ڕۆژت ڕۆژی شەممەیە.